کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

**بانگەواز**

پارتی چەپی کوردستان
PÇK

## ئەی جەماوەری تێکۆشەری کوردستان

## بە یەک دەنگ و یەک دەست پشتگیریی هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان بکەن

لە دوای ڕاپەڕینەوە و تا ئەم چرکەیە ، دەسەڵاتدارانی تورك بەردەوامن لە هەڕەشەکردن و ئاژاوەنانەوە و پلانگێڕان ، دژی گەلی کوردستان و حکومەتەکەی لە باشوری وڵاتماندا. دەیان جار بەرپرسانی تورك بە ئاشکرا و لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ، دەستتێوەردانی خۆیان لە کێشەی کەرکوکدا ڕاگەیاندووە ، تەنانەت لەناو خاکی تورکیاشدا کۆنگرەیان بۆ بەکرێگیراوان و گێرەشێوێنان گێڕاوە و لەم دواییەشدا لە هەوڵی کۆکردنەوەی کۆنە جاشەکاندان بۆ خستنەگەڕیان دژی گەلی کوردستان و دانیشتوانی کەرکوك و ئارامیی و ئاساییش لە ناوچەکەدا.

لە کاتێکدا ئێمە وەك پارتی چەپی کوردستان تەواوی پشتگیریی خۆمان بۆ هەڵوێستی جوامێرانەی سەرۆك و سەرۆکایەتی کوردستان دەرئەبڕین ، لە هەمان کاتیشدا :

– داوائەکەین لە بەرپرسانی کورد کە لەم کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییە چارەنوسییانەدا ، هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن و چۆکدانەدەن بۆ دوژمنان ، ئەگەر ئەوەشیان پێناکرێت! با دژی هەڵوێست ، خواست و ویستی گەلەکەیان نەوەستن و نەبن بە کۆسپ.

– داوائەکەین لە دوو حیزبدەسەڵاتەکە و سەرجەمی لایەنەکان کە کێشە بەڕێوەبەرایەتییەکان و یەکخستنەوەکان کۆتایی پێبهێنن و پەرە بە هێزی پێشمەرگە بدرێت و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە عێراق ، بگێڕنەوە بۆ ناو سنوری کوردستان.

– داوائەکەین لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کە ئامادەبین بۆ هەر دەستدرێژییەکی ڕژێمی تورکان و دوژمنان و ئەبێت کوردستانیان لێبکەین بە گۆڕستان!

– داوائەکەین لە ڕەوەندی کورد و کوردستانیی و ڕێکخراوە هەمەجۆرەکانیان و ئەندامان و لایەنگرانی پارتمان و سەرجەمی لایەنەکان لە دەرەوەی کوردستان کە هەڵمەتێکی بەرفراوان بەرپابکەن بۆ ڕیسواکردنی سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژێمی تورکیا دژی گەلی کوردستان. خۆپێشاندان بکەن و مانبگرن لەبەر سەفارەتخانەکانیاندا و تەواوی گەلان و حکومەتەکان و پەرلەمانەکانی دنیا و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیان لێ ئاگاداربکەن.

**سەرکەوتن هەر بۆ گەلانی ئاشتییخوازە و سەرشۆڕیی و مردنیش بۆ ڕژێمانی شەڕخواز**

**پارتی چەپی کوردستان**

2007-04-12